زاهیر شکوور

# عەلمانیەت چیە؟
# ماناو پێناسەکانی

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١

عەلمانیەت چیە؟ ماناو پێناسەکانی

زاهیر شکوور

بڵاوکراوەکـــانی ئـــەکادیمیای هۆشـــیاری و پێگەیانـــدنی کادیران

سلێمانی ـ ٢٠١١

ژمـــارەی ســـپاردنی بەڕێوەبەرایـــەتی گـــشتی کتێبخانـــە گشتییەکان ( ٢٠٤٩) ساڵی ٢٠١١

لە دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی چاپکراوە

دیزاین: ئەمیرە عومەر

تیراژ: ( ٤٠٠٠ )

ژمارەی زنجیرە: (٣٥)

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لەدەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

**سەرپەرشتیاری زنجیرە: تەحسین نامیق**

# پێشەکی

بە درێژایی مێژووی عیراق وەك بەشێك لە ئیمبڕاتۆرییەتی عوسمانی، وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆش، خەڵکانێك حوکمڕانیان کردووە جارێك بە ناوی ئایینەوە(ئیمبڕاتۆریەتی عوسمانی)، جارێکیش بە ناوی ناسیۆنالیزمی عەرەبیەوە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، کەمینەیەکی سوونی عەرەبی جڵەوی حوکمڕانی بە دەستەوە بووە و نەتەوەو و ئاین و مەزهەبەکانی دیکەی عیراقی چەوساندوەتەوەو بە ئاگرو ئاسن حوکمڕانی عیراقیان کردووە.



عیراق، دەوڵەتێکە لە عەرەب و کورد و تورکمان و کلدۆ ئاشووری پێکهاتووە. وەکو ئایینیش، لە ئیسلام و مەسیحی ویەزیدیی سابیئە، وەکو مەزهەبیش لە سوونەو شیعەو یەزیدی و کاکەیی و ئاین مەزهەبی تر پێکهاتووە.

ئەستەمە لە عیراقدا شتێك دروستبێت ناوی هاوڵاتی عێراقی بێت،چوونکە سایکلۆجیەتی دانیشتوانی عێراق وجۆری حوکمڕانی لە عێراقدا لە ماوەی رابردودا، دانیشتوانی عێراقی وا لێکرد پێش ئەوەی ئینتیمایان بۆ وڵات هەبێت، ئینتیمایان بۆ نەتەوەو ئاینەکانیان هەبێت دواتر بۆ عێراق. لێرەوە عیراق پێویستی بە جۆرێك حوکمڕانی هەیە، کە بەهیچ جۆرێك رابردوو دووبارە نەکاتەوە، دەسەڵاتیش بە جۆرێك بێت یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بۆ تێکڕای دانیشتوان دەستەبەرکات. ئینتیما بۆ ئەم ئاین یان ئەو مەزهەب، نەبێتە پێوەر بۆ هاوڵاتی بوون، دەبێت پێوەری هاوڵاتی

بوون ئینسانی بوون بێت، یەكسانی نێوان هەموو نەتەوەو ئاین و مەزهەبەكان و ژن و پیاو بێت. لەتێڕوانینمان بۆ حوكمڕانی وڵاتانی ناوچەكەو عیراقو فرەیی پێكهاتەكانی ناوچەكە. باشترین سیستمی حوكمڕانی لە عیراق، سیستمی عەلمانییەتە، عەلمانییەتێك هەم ڕێز بۆ ئاین و هەم ڕێز بۆ هاوڵاتیان بەرجەستەكات و عیراق لە شەڕی تایفی ڕزگاركات و، عیراق ببێتە نمونەیەك بۆ ناوچەكەو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕێزگرتن لە كەرامەت و ئازادیی تاك و پابەندبوون بە بەندەكانی جاڕنامەی گەردوونی مافەكانی مرۆڤ.

گرنگی ئەم بابەتە لێرەوە دەردەكەوێت و، با ئێمەش ڕێچكەی توندڕەوە نەتەوە پەرستەكان و ئیسلامیەكانی عەرەب نەگرین و، دژایەتی عەلمانییەت بكەین، كورد میللەتێكی موسڵمان و باوەڕدارە، خزمەتێكی زۆری بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام كردووە، لە



پێش هەموویانەوە شەرەفی ڕزگاركردنی قودس بەر ئێمەی كورد كەوت.

كورد هەموو جۆرەكانی حوكمڕانی عیراقی تاقیكردوەتەوە پاشایەتی، كۆماری، بەعسی. هەموویان نكۆڵیان لە مافەكانی كورد كردووە، بۆیە سیستمی عەلمانیەت ئەو سیستمەیە كە یەكسانی و مافی هاوڵاتی بوون بەرجەستە دەكات و، مافەكانی عیراق بێ جیاوازی دابین دەكات.

## ماناو پێناسەكانی عەلمانیەت ..

عەلمانیەت ئەوقۆناغەی بەجێهێشتووە كە تەنها بریتی بێت لە جیاكردنەوەی ئاین ودەوڵەت لە یەكتری،عەلمانییەت زادەی قۆناغی تازەگەرییەو شان بە شانی چەمك ودیدە فەلسەفییەكانی تر، لە پێشكەوتن و گۆڕانی بەردەوامدایە. عەرەب عەلمانیەتی، لەوشەی (سیكیۆلاریزم-ی،secularism) ئینگلیزیەوە

وەرگێڕاوە، کە بەمانای بە دنیایی کردنی دەسەڵات دێت. ساڵی ١٦٤٨ بۆ یەکەم جار لەکۆنگرەی ئاشتی ویستیڤالیا کە کۆتایی بە جەنگی ٣٠ ساڵەی ئاینەکان هێنا،زاراوەی سیکیۆلاریزم بەکارهات.پەیماننامەی ئاشتی ویستیڤالیا سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو. ئینسکلۆپیدیای بەریتانی وشەی(secularism) پێناسە دەکات بەوەی: کە جولانەوەیەکی کۆمەلایەتییە، ئامانجی جیاکردنەوەی ئاینە لەدەسەلات و گرنگیدانە بە ژیانی دونیایی لەرێگەی پەرەپێدانی ئاراستە مرۆییەکانەوە، کە خەڵك لەسەردەمی رێنیسانس بەشێوەیەکی دیارو روون ئاوێتەو پەیوەستی بوون. پەرلەمانی فەرەنسا، لە٢٧/تشرینی یەکەم/سالی١٩٤٦،لەکاتی موناقەشەوگفتوگۆی دەستوری ولاتەکەیان، سیکیۆلاریزمیان بەم شێوەیە پێناسە کرد ((بێلایەنی دەوڵەت لەهەموو ئاین و مەزهەبەکان. بەپێی ئەم



پێناسەیە بێت، سیکیولاریزم فەزایەکی فراوان دەرەخسێنێ بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی ئاین و مەزهەبو نەتەوەو گرووپە جۆراوجۆرەکان، وئاین جێدێلێت بۆ بیروباوەڕی تاکەکانی کۆمەڵ، لێرەدا دەوڵەت نابێتە هەڵگری هیچ ئاین و مەزهەبێك، فەرەنسیەکان لەجیاتی وشەی سیکۆلاریزم، وشەی لائیك، یان لائیکیەت بەکاردێنن، رەگ و ریشەی لائیکیەت دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن، بەمانای گەل، یان خەڵك دێت دوور لە دەستێوەردانی پیاوانی ئاینی، بەمانایەکی تر لائیکیەت جگە لەپیاوانی ئاین، ژیانی سیاسیو کۆمەلایەتی و ئابوری و پەروەردەیی و فەرهەنگی تێکڕای چین وتوێژەکانی کۆمەڵ دەگرێتەوە، لائیکیەتی فەرەنسی پشت بە چەند پرنسیپو بنەمایەك دەبەستێت وەك (ئابوری پشت بەستو بە قازانج، دادوەری کۆمەلایەتی ، پەروەردەوخوێندن، دەسەلاتی سیاسی دکتۆر التجانی

محەمەد ئەمین لەپێشەکی کتێبی (مفهوم العلمانیة في الفکر الغربي) لەلاپەڕە حەوتدا دەڵێ: بێ هیچ مشت ومڕێك پابەندین بەجوڵانەوەیەکی فیکری ڕەگ داکوتراو لە فیکری مرۆڤایەتیدا، کە ئێستا بریتییە لەرەوتێکی کاریگەر و هەستیار لە هزری رۆژئاوادا کەشوێن وجێگاو فەزایەکی فراوانی لەم سەردەمەدا و لەشارستانیەتی ئەم هەسارەیەی لە سەری دەژین کە بەچوارچێوەی فەلسەفەی سیکۆلاریزم گوزارشت لە خۆی دەکات پێچەوانەی دیدوبۆچوونەکانی رۆشنبیرە ئیسلامییەکان، هزرمەندانی عەلمانیەت (محەمەد ئەرکۆن، صادق جەلال ئەلعزم، بورهان غەلیدون،سمیر ئەمین، مراد وەهبە، عەبدول وەهاب مەسیری،عەزیز ئەلعەزمە، شامیل ئیبازە، د.التجانی محەمەد ماهر شریف و.....هتد،کە عەلمانیەت جیاکردنەوەی ئاین نییە لە تاکەکانی کۆمەڵ وتەنانەت لە کۆمەڵیش ،یان رەتکردنەوەی ئاین نییە لە ژیانی کۆمەڵگادا، یان



کوفرو بێ حورمەتی ئاین نییە. چونکە عەلمانیەت چەمك و فەلسەفەییە کە زادەی سەردەمی تازەگەرییە وەك زەرورەتێکی مێژوی دوای شەڕە خوێناوییەکانی ئەوروپا لەدایك بوو ،عەلمانیەت لەگەڵ فەلسەفەو چەمك گەلێك وەك دیموکراسی، رۆشنگەری عەقلگەرایی، لیبرالی، رایەڵەیەك پێکدێنێ بۆ داماڵینی پیرۆزی لەدەسەڵات وجەخت دەکات لەسەر سیستمی حوکمڕانی مەدەنی پشت بەستو بەدەستورێکی ئازاد ،گوزارشت بکات لەئامانجەکانی تاکەکانی کۆمەڵ و هەڵبژاردنی حکومەتێکی دیموکراسی لەژێر چاودێری پەرلەماندا بێت، نەك دەسەڵاتێکی ئاینی کۆنترۆڵکراو لەلایەن دەستەو تاقمێکەوە بەناوی مافی خوداییەوە گوزارشت لەحوکمڕانی خۆی بکات هەر لەدرێژەی پێناسەکردنی سیکیۆلاریزمدا چەندین پێناسەو مانای جۆراوجۆر لە کتێبی د. التجانی محەمەد ئەمین (مفهوم العلمانیة في الفکر الغربي) دەخەینەروو .سیکیۆلاریزم

وشەیەكی لاتینیە (saecularis)بەمانای (كات، چاخ، سەردەم ، دونیایی) دێت بەو مانایەی تێڕوانینێكی بوونگەرای گشتییە بۆ چەمكی ژیان بەجیاكردنەوەی لە كاریگەری ئاینی، ئەم جیاكردنەوەیەش لە سەر بنەمای دونیایی دارێژراوە، پێچەوانەی (روح)، یان روحگەراییە لەبەرامبەرییدا، وشەی (پیرۆز)، مقدس، دێت جا ئەو مقەدەسە ئاینی بێت یان هەردەسەڵاتێك بێت جۆرێك لەپیرۆزی ببەخشێتە خۆی لەكورتە فەرهەنگی ئۆكسفۆردا هاتووە،سیكیولاریزم دوو مانای هەیە، یەكێكیان ئەوە یە كەسیكیولاریزم باوەڕێكە پێیوایە ئەخلاقو كردار پێویستە تەنها لەسەر خێرو خۆشیو خوشگوزەرانیو تەندروستی مرۆڤایەتی لەژیانی هەنووكەییدا بونیات بنرێتو لەخۆخەریك كردن بەژیانی دوای مردن دوور بخرێتەوە. دائیرەت ئەلەعارف ئەمریكی پێیوایە سیكیولاریزم  سستمێكە بۆ بەرجەستەكردنی كردارو رەوشت لەسەر ئەو



بنەمایانە بونیادنراوە كە سەرچاوەكەی سروشتە و سەربەخۆیە لەئاین. لەئینسسكلوبیدیای نوێی بەریتانی هاتووە، سیكیولاریزم جوڵانەوەیەكی كۆمەڵایەتییە، ئامانجی دوورخستنەوەی خەڵكە لەدونیای غەیبو ئاراستەكردنیانە بۆ ئەم دونیاییەی تێیدا دەژین ئەم هەموو پێناسەو دیدو بۆچوونانە ئەوە دەسەلمێنن كە عەلمانیەت چەمكێكی ئاڵۆزو فرە رەهەندە لێكۆڵینەوەكانی رۆژئاوا بۆ عەلمانیەت گەلێك جیاوازو تەنانەت پێچەوانەی دیدی جیهانی ئیسلامیو عەرەبە، كە دژایەتییەیەكی قورسو سەرسەختی دەكەن و بەشێوەیەكی تری جەنگی خاچ پەرستان لە قەڵەمی دەدەن وتەنانەت چەندین روناكبیرو بیرمەندی عەرەب بوونە قوربانی دەستی ئیسلامیە توندڕەوەكان نمونەی د.فەرەج  فوئادو د.حوسێن مەروەو هەوڵی كوشتنی نەجیب مەحفوزو نەوال سەعداوی ولای خۆشمان

تیرۆرکردنی عەبدولخالق مەعروفو هەڕەشەکردنو تۆقاندنی دەیان ڕۆشنبیرو شاعیر.

دیدی بەشێك لە ڕۆشنبیران و هەزمەندانی کورد، سەبارەت بە عەلمانیەت بەم شێوەیەیە. شاهۆ سەعید پێی وایە (عەلمانیەت وەك واقیعە مێژووییەکەی خۆر ئاوا، ئایدۆلۆجیایەکی دژە ئاین یان دژە پیرۆزی نییە، بەڵکو زادەی گەشەی تەفسیرەکانی ئاین و ریفۆرمی ئاینیە لەسەرەتاکانی رینسانسو چاخی مۆدێرن بەدواوە. عەلمانیەت زادەی سەردەمێکە تیۆلۆژیای ئاینی ئەوە دەسەلمێنێ کە لەگەڵ بەسەرچوونی پێغەمبەراندا سەردەمی نوینەرایەتی راستەوخۆی یەزدانیش لەسەر زەوی بەسەر دەچێ، چونکە تەنها پێغەمبەران بۆیان هەیە ئیدعای نوێنەرایەتی یەزدان بکەن لەنێو مرۆڤەکاندا لەوان بەداوەوە نێوەندێك نییە ئەو نوێنەرایەتییە بۆ خۆی قورخ بکا عەلمانیەت لای هەڵکەوت عەبدوڵلا، هێما کردنە بۆ دنیای مرۆڤەکان،



ئەو مرۆڤانەی مێژووی خۆیان دروست دەکەن بەگۆڕینی سروشت خۆشیان دەگۆڕن، ئەو مرۆڤانەی کاردەکەن، ئەقڵ، مەعریفەو ئازادی بەرهەمدێنن، واتا عەلمانیەت شێوازێکی ژیانە تیاییدا ئاین لەبەرامبەر دنیا دادەنێ. مەریوان ووریا قانع پێوایە: عەلمانیەت چەمکێکە دەتوانێت بەردەوام بەهۆی ئەزموونە مێژووییە جیاوازەکانەوە مانای قولترو فراوانتر وەربگرێت و گۆڕانی بەسەردابێت، گرنگترین شت ئەوەیە یەك راستی بزانین، ئەم چەمکە بۆ ئاسانکردنو ئاسانگیریو پێکەوە ژیانی مرۆڤەکان هاتووە، بۆ ئەوە هاتووە ژیانمان لێکبوردەترو بەتەحەمولتر بکات، بەرامبەر مرۆڤگەلێکی دی کەدەشێت وەك ئێمە بیرنەکەنەوە زۆربەی پێناسەکان ئەوەمان بۆ دەردەخات کە عەلمانیەت لەدەرئەنجامدا نەك هەڵگەڕانەوە لەئاینو کفر کردن نییە، بەڵکو ڕێزێکی زۆریش لە بیروباوەڕی تاك دەگرێتو ئاین بەتایبەتمەندیەکی کەسێتی

تاکەکان دەزانێتو دەچێتە چوارچێوەی ئازادییەکانی تاك، لەهەمان کاتیشدا دەسەڵاتو دەوڵەت دوور دەخاتەوە لە دەستێوەردانی ئاینو بەکارهێنانی ئاین بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتو زەوت کردنی ئازادییەکانی خەڵك بەناوی ئاینەوە. لەوەش زیاتر عەلمانیەت ئاین ناخاتە ناو سیاسەتەوە، چونکە مەیدانی سیاسەت بەردەوام بەپێی بەرژەوەندی لایەنە سیاسیەکانی وڵات لەگۆڕاندایەو هیچ چەمكو ئایدولۆژیایەکی سیاسی پیرۆزی نییە، پێچەوانەی ئاین کە بریتی یە لەکۆمەڵێك دەقی پیرۆز کە قابیل بە گۆڕانو دەسکاری کردن نییە، بۆیە دەتوانین بڵێین عەلمانیەت چەمکێکە لە سایەی سیستمێکی دیموکراسیدا بەرەوپێش دەڕواتو گەشەدەکاتو گرنگی دەدات بە ئازادی ئەقڵ و بیرو تواناو بەهاکانی بیری ئازاد کە خاوەنی هەموو ئەو داهێنانەیەکە لەسایەیدا مرۆڤایەتیی گەیشتوەتە ئەم قۆناغەی ئێستا، لێرەوە بەرجەستەکردنی دیموکراسی



لە کۆمەڵی کوردەواری پێویستی بەخوێندنەوەیەکی رەخنەگرانەو جدی هەیە بۆ ئاین بەو ئیعتبارەی کۆمەڵی کوردەواری کۆمەڵێکی موسڵمانو خواپەرستە بۆیە ئێمە دەبێ بگەڕێین بۆ چارەسەرێك عەلمانیەت نەکرێتە بیانویەك بۆ دژایەتیکردنی ئەو دیموکراسیەی. لەژانیکی قوڵدایە بۆ لەدایك بوونو هەنگاونان بەرەو سەردەمێکی نوێی عەقڵانیەت. چونکە عەلمانیەت وەك مەریوان وریا قانع دەڵێ: عەلمانیەت هەوڵی ئەوە ئەدات دەستدرێژییەکانی ئاین بۆ سەر ژیان کەم کاتەوەو ئەو مەیلە تۆتالیتیریانەش جڵەو بکات کە دەشێت وێنا کردنێکی تایبەت بۆ ئاین هەڵگریان بێت. عەلمانیەت وەك چۆن سەندنەوەی دەسەڵاتی سیاسیە لەئاین ئاواش سەندنەوەی دەسەڵاتی ئاینیە لە دەوڵەت، واتا پرۆسەیەکی بەرفراوانو فرە جەمسەری بەعەقڵانیکردنی دەسەڵاتە، هەم لەبەرامبەر ئایندا و هەم لەبەرامبەر دەوڵەتدا، بەمانا

هەرە گشتیەکەی لەم پرۆسەی بەعەقڵانیکردنەی دەسەڵاتدا هەم ئاین دەسەڵاتی سیاسی دەدۆڕێنێت هەم دەوڵەتیش دەسەڵاتی دینی. کەواتا عەلمانیەت ئەوەندەی بەعەقڵانیکردنی دەسەڵاتە، ئەوەندە دژی ئاین نییە، بەڵکو بەعەقڵانیکردنو ئازادکردنی ئاینیشە، چونکە ئاین لەسیاسەت دوردەخاتەوەو ئاین دەباتەوە بۆ شوێنو جێگا پیرۆزەکەی خۆی، پێچەوانەی ئەو رەوتە فەندەمەنتالیستانەی کە دەیانەوێت خەڵکی چەواشە بکەن کە گوایە عەلمانیەت کۆمەڵ بەرەو لادانو کوفرو بێ رێزی دەبات. چونکە عەلمانیەت فەزایەکی فراوان بەرهەمدێنێ بۆ هەموو بیروباوەڕێکی ئاینی و تەنانەت پارێزگاریشی لێدەکات وەك هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەت. لەڕاستیدا دورخستنەوەی ئاین لە دەسەڵاتو سیاسەتو دەوڵەت دەبێتە رێگر لەبەردەم هێزە سیاسیەکان تا وەکو نەتوانن ئاین بۆ بەرژەوەندیە سیاسییەکانی خۆیان بەکاربێنن. کەواتا عەلمانیەت



بەهیچ جۆرێك هەوڵدان یان بانگەشەکردن نییە بۆ بێ باوەڕی و هەوڵدانیش نییە بۆ بێحوورمەتکردنی هیچ ئاین و مەزهبیك تەنانەت هیچ نەتەوەو گروپێکی ئەتنی چەند بچووکیش بێتو هێرشکردنیش نییە بۆ سەر بیروباوەڕی تاکە کەس و گرووپە جۆراوجۆرەکانو ئەو رێزەش لە وڵاتانی رۆژئاوادا دانراوە بۆ ئاین و بیروباوەڕی خەڵك لەهیچ وڵاتێکی جیهانی ئیسلامی بۆ ئیسلام کە ئاینی وڵاتەکەیانە دانەنراوە. ئەم دیدە بۆ عەلمانیەت هەوڵدانێکی راستەقینەیە بۆ بەخشینی پانتایەکی تایبەت بەئاین لەپاڵ کۆی پانتاییە کۆمەڵایەتیو کلتوریو رەمزییەکانی دیکەدا، جەخت کردنی زۆربەی بیرمەندانو روناکبیری جیهانی ئیسلامی بە روناکبیرانی کوردیشەوە کە عەلمانیەت نەك تەنها بۆ ئازادکردنی مرۆڤ هاتووە لە دەسەڵاتی رەهاگەرایيو شمولی بەهەموو ئایدیولۆژیەکانەوە، بەڵکو هاتووە بۆ ئازادکردنی ئاینیش لە دەستێوەردانی

دەوڵەتو سیاسەت، بۆیە دەکرێ بڵێین عەلمانیەت هەم ڕێگرە لەبەردەم دەستدرێژیکردنی دەوڵەت بۆ سەر ئاینو هەم ڕێگریشە لەبەردەم دەستێوەردانی ئایین لەکاروباری دەوڵەت بەمانایەکی تر عەلمانیەت فەراهەمکردنی ئازادی یە بۆ دەوڵەتو ئاینو مرۆڤ کە لە سایەی ئایندا، دامەزراوەیەکی ئازادی سەر بەخۆیە، دەوڵەتیش پابەندی بنەما ئاینیەکان نییەو ئاین جێدێڵی بۆ تاکەکانی کۆمەڵ بەئارەزوی خۆیان بێ دەستیوەردانی دەوڵەت، ئازادنە گوزارشت لەبیروباوەڕی خۆیان بکەن، چۆن دیموکراسیو ئازادیو لیبراڵیو ئاینو تێکڕای کایە سیاسیو ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیەکانیش کۆمەڵێك بنەماو پرەنسیپی هەیە، ئاوهاش عەلمانیەت، کۆمەڵێك بنەماو پرەنسیپی هەیە، گوزارشت لەخۆی دەکاتو جۆری سستمی حوکمرانی خۆی لە دەوڵەتی ئاینی جیادەکاتەوە، لەراستیدا بەشێك لەبیریارانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان پێیان وایە



دوو جۆر سیستم وبنەمای عەلمانی هەیە، یەکێکیان ئەو بنەمایانەبوو لەیەکێتی سۆڤیەتو دەوڵەتە سۆسیالیستەکان پێڕەو دەکرا، کە لەبنەڕەتدا ئاینی رەتکردەوە، جۆرێکی تر دەوڵەتەکانی رۆژئاوایە کە لەپاڵ پیادەکردنی عەلمانیەتدا دانیش بەئاین دا دەنێن وەك ئاراستە و رەهەندێکی گرنگیش لە ژیانی کۆمەڵایەتی ولآتەکانیان تەماشای دەکەن نموونەی: بەریتانیا، ئەمریکا، ئیتاڵیاو .... هتد

عەلمانیەت وەك کایەیەکی فەلسەفی قەرزاری (جورج جاکۆبە) کە لەساڵی ١٨١٧ لە بیرمەنگهام لەخێزانێکی ئاین پەروەر لەدایك بووە، ئەو ژینگەییەی چاکۆبی تیا لەدایك بوو وتیاییدا گەورە بوو، بووە مایەی لەدایکبوونی بیروباوەڕێکی کۆمەڵایەتی بەهێز، بەتایبەتی دوای کارکردن بە رەشنوسی پرۆژەی چاکسازی دەستور ساڵی ١٨٣٢ لە ئینگلترا ، لێرەوە چاکۆب لەتێکڕای کنیسە جۆر بەجۆرەکان دوور

کەوتەوە وردە وردە هەستو سۆزی ویژدانی بەرەو کزی هەنگاوی ناو یەکەم هەنگاوی سیاسی ناوەك ریفورمخوازێکی کۆمەڵایەتیو ساڵی ١٨٤٩ لەگەڵ کۆمەڵێك لەهاورێکانی (تۆماس کوٚپر، چارلس چاوس وێل و دیلیام کلنتون، تۆماس بتریسون) رێکەوتن لەسەر دامەزراندنی مەزهەبێکی نوێی تایبەت بەخۆیان، لەساڵی ١٨٥٠ (چەمك، یان ئاراستە، یان زاراوە)ی سیکیولاریزمیان رایگەیاند کە بیروباوەڕێکە لەنێوان باوەڕی نوێو رەهاگەریو چاکۆب ویستی هەڵوێستی دوژمنکارانەی بۆ باوەڕداریو بێ باوەری بگونجێنێ، ئەوەبوو بێ باوەڕەکانیش دواتر چوونە ناو بزوتنەوەی سیکولاریزمەوە، بەڵام چاکوب بۆ راکێشانی بیرو عەقڵی لیبرالە باوەڕدارەکان رایگەیاند کە مەرج نییە سیکیولاریزم تەنها لەسەر دەستی بێ باوەڕان سەرکەوتن بەدەست بێنێ عەلمانیەت خاڵی دابڕانو دەستپێکردنی شێوازێکی نوێی دەسەڵاتە، پێش



سەرهەڵدانی عەلمانیەت هەموو ئەو دەسەڵاتەی هەبووە، بۆ مانەوەی بەردەوامی حوکمڕانی،ئاینی کردۆتە فەلسەفەی حوکمڕانی خۆی، ئەو ئاینە ئاسمانی بووبێت، یان ئاینی دروستکراوی مرۆڤەکان بووبێت، بەو مانایەی چینی حوکمران لەریگەی کە هەنەکانەوە جۆرە قودسیەتو پیرۆزییەکیان بەخشیوەتە دەسەڵاتەکانیانو پشتاوپشت حوکمڕانییان کردووە، بەناوی ئاینەوە، جارێك بەناوی ئەوەی نوێنەری خواکانن، جارێك بەوەی خۆیان خواوەندن، یان سێبەری خوان لەسەر زەویو رەعیەتەکەی خۆیان کردووتە کۆیلەو بۆ تێرکردنی ئارەزوەکانیانو فراوانکردنی قەڵەمڕەوی حوکمرانیان خەڵکیان بەکوشت داوەو زوڵمیان لەخەڵك کردووە، بۆ هەموو کردەوەو زوڵمو ستەمیان، پیاوانی پەرستگاکانو کەهەنەکانیان کردۆتە پشتیوانی خۆیانو زۆرجار ئەو کەهەنانە دەسەڵاتدارانیان بردۆتە ئاستی خواوەنەوە.

عەلمانیەت بەرزکردنەوەی پەنجەی نارەزایيە بەرووی هەموو ئەو دەسەڵاتەی بەناوی ئاینەوە پیرۆزی دەبەخشن بەخۆیان هەروەها عەلمانیەت خاڵی وەچەرخانو کۆتایهاتنە بە سەردەمێكو دەستپێکردنی سەردەمێکە بۆ یەکەم جار دەوڵەتی نەتەوەیی تیا لەدایك بوو و ئازادی ئاینی و مەزهەبی نەتەوەی بەخشیە هەموو ئەو دەوڵەتانەی دوای کۆتایی هاتن بەشەڕی ئاینەکان و بەپێی ڕێکەوتننامەی ئاشتی ویستیڤاڵیە ١٦٤٨ ڕاگەیاندرا. کەواتا دەشێت بڵێین عەلمانیەت جوڵانەوەیەکە ڕەگو ریشەی لەناو ئاین دا هەیەو جوڵانەوەکەی (مارتن لۆسر) بووە سەرەتای ریفۆرمی ئاینی و دەرگاکردنەوە لەرووی سەردەمێکی نوێی ئاشتیو لێبوردەییو دەستپێکی سەر هەڵدانی عەلمانیەت، واتا عەلمانیەت لەچاکسازی ئاینەوە ڕێچکەی گرتووەو سەری هەڵداوە، دەکرێت بڵێین عەلمانیەت هۆکاری سەرهەڵدانی زۆرە چاکسازی ئاینی یەکێکە



لەهۆکارە گرنكو سەرەکیەکان کە بووە مایەی دوور خستنەوەی ئاین لەدەسەڵات و سیاسەت.

بۆیە دەکرێت بڵێین عەلمانیەت دەسەڵاتێکی مەدەنیە پشت بەدەستورێکی ئازادانە دەبەستێت کە گوزارشت لەبەرژەوەندی گەل دەکات. هەروەها پشت بەو حکومەتە دیموکراسیانە دەبەستێت کە لەلایەن هاوڵاتیانەوە هەڵدەبژێردرێت لە ژێر چاودێری پەرلەمانێکی هەڵبژێردراودا گرنگی عەلمانیەت لەوەدایەکە بەهای تاك و کەرامەتی مرۆڤ بەرز دەکاتەوە، بەرژەوەندیو ئاسایشو سەلامەتی مرۆڤ دەخاتە سەروی هەموو شتێکەوەو هەموو ئەو ئازادییەی پێدەبەخشێت کە پێچەوانەی پەیمانی کۆمەڵایەتی نیە، تێروانینێکە بۆ بەختەوەرییەکانی تاكو دەستەبەرکردنی هەموو مافەکانیو بەرهەمهێنانی کۆمەڵگایەك تیایدا تاك هەموو ئازادیەکی بەدەستهێناوە، دوور لەهەموو کۆت

وبەندێکی ئاینی یان فیکری لە چوارچێوەی
مافەرەواکانیدا. لێرەدا عەلمانیەت دەگەڕێتەوە بۆ
ئیرادەی مرۆڤەکان لەهەڵبژاردنی ئەو سیستەم و
دەسەڵاتەی تیایدا مافە یەکسانیەکانیان بەدەستدێنن
.لەهەمانکاتدا رەتکردنەوەی سەپاندنی زۆرەملێیانەی
دەسەڵاتە، ئەو دەسەڵاتە ئاینی بێت یان شمولی بێت،
لەسەر ئاستی سیاسەتیش عەلمانیەت لایەنگرو داواکاری
دەستەبەرکردنی ئازادیشە بۆ هەموو بیروباوەڕێکی
ئاینی دور لە دەستێوەردانی حکومەت و دەسەڵاتو
ڕێگەش نادات دەوڵەت لایەنگریو پشتیوانی ئاینێك یان
مەزهەبێکی دیاریکراو بکات و نابێت حکومەت خەڵك
ناچار بکات بۆ چوونە ناو ئەم ئاین یان ئەو مەزهەب،
بەڵکو خەڵکی ئازاد دەکات لە هەموو بیروباوەڕێکی
ئاینی. بۆیە هەندێك پیان وایە عەلمانیەت لەزۆربەی
وڵاتانی رۆژئاوا پارێزەری ئاین بووە لە دەستێوەردانی
دەوڵەتو عەلمانیەکان بەردەوام هەوڵدەدەن بارودۆخی



سەدەکانی ناوەڕاست پیشانی خەڵك بدەن کە لەسایەی
حومڕانی رەهای پاپاو سیستەمە شمولیەکانی ئەو
سەردەمەدا مرۆڤەکان لە چ کارەساتو موعاناتێکدا
دەژیان. بۆیە عەلمانیەت رێگرە لە هەژمونی ئاین یان
هەر بیروباوەڕێك بەسەر دەوڵەتداو لەهەمانکاتدا
یەکسانی دەبەخشێتە هەموو ئاینو مەزهەبەکان)
(ماهر شریف) پێیوایە عەلمانیەت بەردی بناغەی
دەوڵەتی نوییە وبیرۆکەی دەوڵەتی عەلمانیش
دەگەڕێتەوە بۆ کۆنگرەی ویستفالیا ١٦٤٨ ، کە کۆتایی
بەشەڕی درێژخایەنی ئاینەکان هێنا لەئەورووپا.
یەکێك لەئەنجامەکانی کۆنگرەی ئاشتی ویسفالیا
پاشەکشەی گرنگیو رۆڵی پاپای فاتیکان بوو وەك
هێزێکی سیاسی لەئەورووپادا، تەنانەت قەدەغەکردنی
پاپا لە دەستێوەردانی ئەو دەڵەتانەی دروست بوو،
هەروەها گواستنەوەی کەل وپەلەکانی کەنیسە بۆ
دەسەڵاتی مەدەنی دەوڵەت. جگە لەمانە کۆتایی

هێنانیش بوو بۆ باڵا دەستی لاهوت بەسەر عەقڵدا و روو وەرگێڕانیش بوو بەلای فەلسەفەو زانست ودانانی بناغەی پەیوەندیەکان لەنێوان لایەنگران و هەڵگرانی هەر سێ مەزهەبی مەسیحی (کاسۆلیک، پرۆتستانت، کالفینیزم) لەسەر بنەمای لێبوردەیی ئاینی و یەکسانی.

جون هوڵیوك (١٨١٧-١٩٠٦) پێیوایە عەلمانیەت لەرێگا مادیەکانەوە دەتوانێت چاکسازی لەبارودۆخی مرۆڤ بکات بێ ئەوەی دژایەتی ئاین بکات. چونکە عەلمانیەت ئایدیۆلۆژیا، یان بیروباوەڕێکی پیرۆز نییە، بەڵکو کۆمەڵێك بنەماو پرانسیپی کۆمەلایەتییە و هەوڵدەدا چەمکی هاولاتی بوون بەرجەستە بکات و دەوڵەت بە ئاراستەی دابین کردنی یەکسانی ببات لەنێوان ئاینو مەزهەبو پێکهاتە ئەتنییەکان بەرانبەر یاسا. کەواتا عەلمانیەت بێ لایەنی دەولەتە بەرامبەر مەسەلە ئاینییەکان بەو مانایەی دەولەت لایەنگری هیچ ئاینو مەزهەبێك ناکاتو بەشێوەیەکی یەکسان دەڕوانێتە



تێکڕای هاولاتیان بێ ئەوەی ئاین بکاتە پێوەر بۆ هاولاتیبوون بەو پێیەی عەلمانیەت دژی هیچ ئاینێك نییە دژایەتی هیچ ئاینێك ناکات، بەلام لەرووی دەوڵەتی ئاینییدا دەوەستێتەوەو دژایەتی دەکات، چونکە دەوڵەت ناتوانێت لە دەسەلاتی ئاینی جیاببێتەوە ئەگەر بێتو کۆمەڵێك بنەمای نوێ نەکاتە پرنسیپی خۆی بۆ رێکخستنی کارو باری هاولاتیان دانانی چوارچێوەی نوێ بۆ پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکان ئەمەش کاتێك دەکرێت دەوڵەت دەستێوەردانی ئاینی لە کارو باری سیاسی دەوڵەت دووربخاتەوەو سنورێکی بۆ دابنێ ئەو هەموو ئاماژەیەی کردمان لەسەر ئەوەی عەلمانیەت نەك تەنها بۆ هەموو ئاینو مەزهەبو نەتەوەو گروپە ئەتنیێکان فەراهەم دەکات، لێرەدا عەلمانیەت دەبێتە زەرورەت بۆ ئەو دەوڵەتو ولاتانەی کە لە ئاینێك زیاتر و

لەنەتەوەیەك زیاتری تێدایە وەك عیراق و وتورکیا و ئێران و هیند و سوریا و لوبنان و دەیان دەوڵەتی تر.

(ترکی الحمد) لە کتێبی لەژێر ناونیشانی (العلمانیة لیست شرا) دەڵێ: ئێمە دەبێت ئەوە بێنینەوە بیری خۆمان کە عەلمانیەت رەوتێکی فەلسەفیو فیکری و دواتریش شێوازێکە لەشێوازەکانی ژیان تەنها ئاین لەدەوڵەت جیاناکاتەوە بەڵکو جیاکردنەوەیەکی میتودیە لەنێوان مەسەلە تایبەت و گشتیەکاندا چونکە مەسەلەی ئاین مەسەلەیەکی کەسایەتی تایبەتە لە نێوان خودا و بەندەکانی خۆی، چونکە مەسەلەکانی دونیا مەسەلەیەکی گشتیە، پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ رێکدەخاتو هەروەها نێوان تاك و کۆمەڵگا، ئەو کۆمەڵگایە گروپەکانی ناو دەوڵەت بێت یاخود دەوڵەت خۆی بێت، جگە لەوەش پەیوەندی نێوان گروپە کۆمەڵایەتیەکانیش رێکدەخات لەناو دەوڵەتێکدا یاخود لەنێوان چەند دەوڵەتێکدا، ئەمەیە عەلمانیەت و



ئەوەشە دونیایی، کەواتا عەلمانیەت بریتیە لەجۆری جیاکردنەوەی نێوان بوارەگشتی و بوارە تایبەتەکان و رەوتێکە لەسەرەتای رێنیسانسەوە لە ئەوروپا سەری هەڵدا و وردە وردە بڵاوبۆوە بە ئەندازەی ئەوەی بووە فەلسەفەی ژیان، لەراستیدا سەرهەڵدانی عەلمانیەت دەکەوێتە تەنانەت پێش ناوەکەی خۆشی، کاتێك جوڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە دەرئەنجامی ململانیەکانی ئەوروپا سەری هەڵداو ململانێی نێوان کەنیسەو دەسەڵاتی کۆنو نوێو سیاسەت و ئاین و مەعریفە عەلمانیەت بەچەندین قۆناغدا تێپەری و گەشەی کرد، بەتایبەتی لەژێر کاریگەری چاخی رۆشنگەریو شۆڕشی فەرەنسا، هەنگاوی گرنگی بەرەو سەردەمێکی جیاواز و نوێ نا. دەکرێت بڵێین عەلمانیەت دروشمێك نیە بەرزبکرێتەوە، بەڵکو ئاراستەیەکی مێژوویی و کۆمەڵێك هەڵوێست و هێزی کۆمەڵایەتیە رێڕەوی پێشکەوتنی مێژووی مرۆڤایەتی

گرتوەتەبەر سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەزمونی سیاسی ئەوروپا لەچوارچێوەی شارستانیەتی تەورات و ئنجیلو دوای تێپەڕبوونی بەویستگەکانی مێژوودا بڵاوبوەوە بەزۆربەی دەوڵەتانی دونیادا، شان بەشانی زانست و پیشە سازی ئەوروپا شارستانیەتی خۆی سەپاند لەدەرەوەی ئەوروپا بەتایبەتی لەجیهانی ئیسلامیدا، عەلمانیەتو جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت کێشەو گرفتی زۆری ناوەتەوە و دژمنانی عەلمانیەت تا ئەندازەیەك توانیویانە عەلمانیەت گەمارۆ بدەن و هەڵگرانی بیری عەلمانیەت بەکافر لەقەڵەم بدەن، لەبەرامبەردا عەلمانیەکان نەیانتوانیوە عەلمانیەت بەوە پێناسە بکەن کە پرۆسەیەکی مێژوویی مەعریفیە لەجیاکردنەوەی ئاین لە دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە جیاکردنەوەی و دوورخستنەوەی دەسەڵاتی پیاوانی ئاینی لە دامەزراوە سیاسیو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری و سیستمی خوێندنو



پەروەردە بەمانایەکی تر ئازادکردنی دەوڵەت لە ئاین و ئازادکردنی ئاین لە سیاسەت تا دەگاتە دەستبەرکردنی مافەکانی تاكو بەدیهێنانی دونیایەکی واقیع بینانە بۆ مرۆڤ. کە بە دانانی ئاین لەچوارچێوەی تایبەتی کەسێتی بەمسۆگەرکردنی ئازادی بیروباوەڕو ئازادی پیادەکردنی خواپەرستی و سرووتە ئاینییەکان، بەجۆرێك دامەزراوە ئاینیەکان چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی لەخۆ بگرێت بۆ کەسایەتی تاکەکان. عەلمانیەت لە روانگەی مەعریفیەوە دەکاتە ئازادکردنی عەقلی مرۆڤ لە هەموو رەهاگەرییەكو ئازادکردنی بیر لەوەهم و ئەفسانەو ئازادکردنی مرۆڤ لەکۆیلایەتی، کە رەگو ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی دابەشکردنی کار و سەرهەڵدانی خاوەندارێتی تایبەتیو کۆکردنەوەی سامان و سەرهەڵدانی چینەکان و دەوڵەت و ئاین و دەسەڵاتی ئاین و دەوڵەت کە ئازادی ئەقڵ رەتدەکاتەوەو مرۆڤ بە کوێرەوەری و برسێتی

دەهێڵێتەوە عەلمانیەت لەرۆژی سەر هەڵدانییەوە تا ئەمڕۆ، لەولاَتانی رۆژهەلاَتی ئیسلامی مشت و مڕی زۆری ناوەتەوە و رۆشنبیران و بیرمەندانی کردووتە دوو بەشەوە، بەشێك پێی وایە رزگاربوونو لەم واقعە تاڵەی جیهانی سێیەم دەوڵەتی عەلمانیە، بەشێکیش کە زۆربەی بیرمەندانی ئاینی دەگرێتەوە، پێیان وایە عەلمانیەت بیرو فەلسەفەی رۆژئاوایە مەبەستی پۆکانەوەی ئاینە، تەنانەت هەندێك لەبیرمەندان پێیان وایە عەلمانیەت درێژ کەرەوەی شەڕی خاچ پەرستانە و لەناوبردنی ئیسلام ئامانجێتی، مستەفا حەقی لە (حوار المتمدن) ژمارە (٢١٥٩) رۆژی ٢٠٠٨/١/٣ پێی وایە میتۆدی عەلمانیەت بەو شێوازە دیموکراسیەی باوەڕی پێیەتی ئامانجی دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤە و بیری عەلمانیەت لەچوارچێوەیەکی مرۆڤ دۆستانە خزمەتی مرۆڤ دەکات زانایانی عەرەبستانی سعودی پێان وایە هەرکەسێك باوەڕ بێنێ بەوەی ئەو یاسایانەی



لەلایەن مرۆڤەوە دەردەچێت لەسەرووی یاسا شەرعییەکانەوەیە و هەرکەسێك پێی وابێ کە پەیوەندی تاك بەخوداوەندەوە پەیوەندی بەکار و باری رۆژانەوە نییەو هەرکەسێك رازی نیە لەسەر پیادە کردنی شەریعەت، کافرە ئەو ژنانەی کەپشتیوانی ناکەن لەشەریعەت وەك سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان ،پێیان وایە دەبێت ژنان بەگشتی پشتگیری یاسا مەدەنیەکان بکەنو پشتیوانی جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ بکەن وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ یاسادانان، دکتورە (عزە کرم) بەم شێوەیە باسی ژنە عەلمانیەکان دەکات (ژنانی عەلمانی باوەڕیکی تەواویان هەیە بۆ شیکردنەوەی گوتاری خۆیان لە دەرەوەی ئاین، هەر ئاینێك بێت ، ئیسلام بێت یان مەسیحی یان یەهودی) و ژنانی عەلمانی نابێت کاتەکانیان بەوە بکوژن تا شێوازێکی تەوفیقی بدۆزنەوە بۆ عەلمانیەت و ئاین، و دکتۆرە سهام کە ئەندامە لە(هاوپەیمانی

عەرەبی لەپێناو ژناندا) دەڵێ: من یەکێکم لەوانەی بانگێشتی ئەوە دەکەم کە دەبێت ئیسلام لە مافە مەدەنی و سیاسیو ئابورییەکان جیابکرێتەوە. عادل جوندی پێی وایە، عەلمانیەت وەك جان بو یرو باسی دەکات بریتی یە لە سێ گۆشەی یەکەم، پەیوەندی بە خەسڵەتی عەلمانیەوە هەیە کە جەخت دەکات لەسەر ئەوەی نابێت بەزۆر هیچ ئاینێك بسەپێنرێت بەسەر دەوڵەتو دامەزراوەکانی کۆمەڵ، گۆشەی دووەم ئازادی ویژدانو خواپەرستیو ئاینو بیروباوەرە، گۆشەی سێیەم یەکسانیە لەمافەکانی هەموو ئاین و بیروباوەڕەکان لەگەڵ زەرورەتی پیادەکردنی ئەم یەکسانیەیە لەسەر ئەرزی واقیع بەدرێژایی مێژوو ئەوە ئیسپات کراوە کە دەوڵەتی ئاینی یان دەوڵەتە عەرەبیە ئیسلامیەکان لەدەوڵەتە عەلمانیەکان زیاتر گوشارو چاودێری جموجۆڵی ئاینیان کردووە. ئاینەکان بەئاینی ئیسلامیشەوە لە فەرەنساو بەریتانیاو زۆربەی



وڵاتە ئەوروپییەکان زۆرترین ڕێزی لێ دەگیرێت . هەلومەرجی موسڵمانەکانی بەریتانیا لە هەلومەرجی موسڵمانەکانی سعودیە باشترە، ئیسلام پانتاییەکی ئێجگار فراوانی ئازادی بە دەستهێناوە لە لەندەنو پاریس وەك ئەوەی لە جددە هەیە ئازادی ڕۆژنامەگەری ئیسلامی لە پایتەختەکانی ئەوروپا گەلێك زیاترە لە بارودۆخی ڕۆژنامەگەری لە سعودیە و وڵاتانی عەرەبی. بەمانایەکی تر ئەو کەش و دۆخە ئازادەی بۆ ئاین دەستە بەرکراوە لە وڵاتە عەلمانیەکان ، لەوڵاتانی ئیسلامیدا بوونی نیەو ڕۆژنامەو هاتوچۆ کردنی مزگەوتو جموجۆڵی ئاینی لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا لەژێر سانسۆری توندوتیژی دەوڵەتدایە. لەزۆربەی وڵاتانی جیهانی ئیسلامی بەشێکی زۆر لە پیاوانی ئاینیو وەزارەتەکانی ئەوقافو مامۆستایانی کۆلێژەکانی شەریعە پیاوی دەوڵەتن و دەوڵەت هەڵیاندەسوڕێنێ، لەبەرامبەر ئەمانەش زیاتر خزمەتی

دەسەڵات دەکەن‌و ئاین دەخەنە خزمەت‌و مانەوەی دەسەڵات لەرێگەی دژایەتیکردنی عەلمانیەکان. دامەزراوە ئاینیەکان بۆ مانەوەی خۆیان و ئیمتیازەکانیان عەلمانیەت بەوە لە قەڵەم دەدەن کە ڕەهەندو ئاراستەیەکە ئاین بەرەو پوکانەوە دەبات. د.شاکر ئەلفابلسی پێی وایە، پیاوەئاینیەکانی دامەزراوەی ئاینی‌و هەندێ ئەکادیمیستی ئیسلامی پێیانوایە بانگەوازی عەلمانیەکان ئامرازێکە بۆ وێرانکردنی ئیسلام وەك ئاینێك، چونکە ئەوانە مەبەستیان ئەوە نییە ئاین‌و دەوڵەت لێك جیا بکەنەوەو ڕێگە لەوە بگرن ئاین دەست وەربداتە دەوڵەت یان دەوڵەت جڵەو بکات یاخود دەوڵەت‌و ئاین وەك پەردە پۆشێکی ڕەوا بەکاربەرێت — وەك دەوڵەتی عوسمانی کردی و ئێستاش دەوڵەتە عەرەبیەکان دەیکەن — وەك عەلی عەبدولڕەزاق ساڵی ١٩٢٥ لە کتێبی "ئیسلام و شێوازەکانی فەرمانڕەوا ییکردن " و خالید



محەمەد خالید ساڵی ١٩٥٠ لە کتێبی " لێرەوە دەسپێدەکەین " دا باسیانکردووە ، بەڵکو عەلمانیەکان دەیانەوێ عالمانیەت بکەنە (( ئامرازێك بۆ بچوککردنەوەی ئاین و گۆڕینی بۆ کۆمەڵێك دەقی نائەقڵانی تا پێش ١١ی سێپتێمبەر ڕۆژئاوا بەگشتی‌و ئەمریکا بەتایبەتی بۆڕووبەڕووبونەوەی بلۆکی سۆسیالیستی‌و تا کۆتایهاتنی ئەو بلۆکە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە لایەك و بۆ پاراستنی و مانەوەی خۆیان لەناوچەی ڕۆژهەڵات بەهۆی بوونی وزەوە لەلایەکی ترەوە پشتیوانیان لەرژێمەکانی ناوچەکەو گروپە ئیسلامیەکان دەکرد بەرامبەر هێزە ئازادیخوازو عەلمانیەکان، مەکسیم ڕودسون دەڵێ: ((ڕۆژئاوا لەکاتی کۆلۆنیالیکردنی ڕۆژهەڵاتدا بەردەوام هەوڵی داوە بۆ )) :-

١- پارێزگاریکردن لە هەموو شتێکی کۆن‌و بەسەرچوو سەبارەت بەمەسەلە رووحیەکان .

٢- هاوپەیمانی کردنی هێزە کۆنە پەرستەکانی ناوچەکەو بەرگریکردن لێیان .

٣- کەم بایەخ کردنی ڕووناکبیرانی پێشکەوتوخوازو نیشتیمان پەروەرانو دروستکردنی تومەتی بێگانە پەرستیو نۆکەری بێگانەو دوژمنی ئاین .

٤- هەموو هەوڵو تێکۆشانی بیرمەندانو روناکبیران لەپێناو تازەگەریو گۆڕانکاری سیاسیو کرانەوەو ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکانی تاك بەوە لەقەڵەم دەدرا کە بیدعەی ڕۆژئاوایەو بۆ مەبەستی بێحورمەتکردنی ئاین هاتووە .

٥- هەوڵدان بۆ بە حەقیقەت کردنی ئەفسانەو خورافات.

بەپێچەوانەی دیدو بۆچونی دامەزراوە ئاینییەکان، مەریوان وریا قانع پێی وایە :"

عەلمانیەت هەوڵی ئەوە دەدات دەستدرێژیەکانی ئاین بۆ سەر ژیان کەمکاتەوەو ئەو مەیلە



تۆتالیتێریانەش جڵەو بکات کە دەشێت وێنا کردنێکی تایبەت بۆ ئاین هەڵگریان بێت. عەلمانیەت وەك چۆن سەندنەوەی دەسەڵاتی سیاسیە لەئاین، ئاواش سەندنەوەی دەسەڵاتی ئاینییە لەدەوڵەت، واتا پرۆسەیەکی بەرفراوانو فرە جەمسەری بەعەقڵانی کردنی دەسەڵاتە. هەم لەبەرامبەر ئایندا و هەم لەبەرامبەر دەوڵەتدا، بەمانا گشتیەکەی لەم پرۆسەی بەئەقڵانیکردنەوەی دەسەڵاتە هەم ئاین دەسەڵاتی سیاسی دەدۆڕێنێتو هەم دەوڵەتیش دەسەڵاتی دینە. خاڵێکی گرنگی پەیوەندییەکانی عەلمانیەت بەچەمكو ئاراستەکانی ترەوە ئەوەیە کە چەمکگەلێکی وەك دیموکراتیەتو عەقڵانیەتو لیبرالیەت جگە لەناو سیستمی عەلمانیەتدا جێگایان لەناو هیچ سیستەمو دەسەڵاتێکی تردا جیگای نابێتەوە، چونکە عەلمانیەت پەیوەندی بە شارستانیەت و پیشەسازییەوە هەیە. ((عەلمانیت ئەگەرچی پەیوەندی بە پیشەسازیبوون و

شاریبوونەوە هەیە بەلاّم دەبێت ئەم پرۆسەیە بەپێی گۆڕانێکی کۆمەلاّیەتی فراوانترو بنچینەتر لەبەرچاو بگرین کەمە هەم لەم گۆڕانانەوە سەرچاوەی گرتوەو هەم بەهێزیان دەکات. رەنگە وەك فیبرگتۆیەتی تێروانینی بالاّ دەست ئەوە بێت کە پەرەسەندنی عەقلاّنیەت لەرۆژئاوادا کلیلی تێگەیشتنی پرۆسەی عەلمانیەت بێت. کێشەیەکی تر کە رووبەرووی عەلمانیەت بوونەوە دێت هەندێك لە نوسەرانی عەرەب پێناسەی دەکەن بە(عەلمانیەت) وەك ئەوەی لە وشەی عیلمو زانستەوە وەرگیرابێت. لەراستیدا هەرچەندە عیلمو زانست لەسایەی عەلمانیەتدا گەشە دەکاتو بەرەو پێش دەروات بەلاّم عەلمانیەت بەمانای دنیایی و لەوشەی عالەمەوە هاتووە. ((عەلمانیەت لەعالەمەوە وەرگیراوە نەك لە"عیلم " بۆیە راستر ئەوەیە بلّێین عەلمانیەت نەك عیلمانیەت. کەواتە لێرەدا جیاوازییەك هەیە لەنێوان هەردوو وشەی ((عەلمانی))و ((عیلمانی))



عیلمانی کەسێکە مەعریفەی زانستی لەزانستە سروشتیەکانەوە وەردەگریو لەو بوارەدا کاردەکات، عەلمانیەت بە پلەی یەکەم بایەخ بە مرۆڤ دەدات لەجیهانو لەناو دنیاداو جەخت لە سەربەخۆیی عەقڵی مرۆڤایەتی دەکاتو هەروەها لەبەکارهێنانی عەقڵ لەلایەن مرۆڤەوە لە هەموو بوارەکاندا، لە مانەش گرنگتر عەلمانیەت رۆڵی گەورەتر بەمرۆڤ دەبەخشێت تا بەسەر بەخۆیی لەئایین و لە دەرەوەی ئاییندا کەشفی جیهان بکات. دیدو بۆچوونەکان لەخالێکدا کۆ دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە کە عەلمانیەت گرنگی بەژیانی مرۆڤ دەدا، پەیوەندیی تاك بە کۆمەڵەوە، پەیوەندیی مرۆڤ بە دەوڵەتەوە، پەیوەندیی بە ئایینەوە بە ژیانی دنیاییەوە. عەلمانیەت ئەوەندەی مەبەستی مرۆڤە لەسەر ئەم هەسارەیە، ئەوندە پەیوەندی بە ئاینەوە نییە، ئەگەر هەشیبێت مەبەستی بەها بەرزەکانی مرۆڤە تەنانەت سیاسەت و دامەزراوەکانی دەوڵەتیش

بۆ خزمەتکردن و خۆشگوزەرانی مرۆڤە بۆیە عەلمانیەت بە هیچ جۆرێك دژایەتی ئاین ناکات، بەلاّم بەجۆرێك کۆمەلّ لە رووی سیاسیەوە رێکدەخات دەولّەت لە توانایدا نەبێت دەسەلاّتی ئایینی بسەپێنێتو دامەزراوە ئلینییەکانیش دەسەلاّتی سیاسی بسەپێنێت بەسەر دەولّەت و کۆمەلّدا.

روونتر بلّێین عەلمانیەت لەسەر سێ کۆلّەکەی سەرەکی دەوەستێت، بێلایەنی دەولّەت لەئاست کاروباری ئاینیدا، بێلایەنی پەروەردەو خوێندن و دامەزراوە مەدەنییەکان لەئاست ئایندا، رێزگرتن لەئازادی ویژدانو بیروباوەڕی هاولاّتیان. بێ لایەنی دەولّەتی لەئاست کاروباری ئاینیدا بەو مانایە دێت کە سیستمی حوکمڕانی هەلگری هیچ بیروباوەڕو ئایدۆلۆجیایەکی ئاینێك نەبێت لەدژی ئاینەکانی تر. هەروەها دەولّەتی عەلمانی چۆن رێگا بەخۆی نادات دەستوەرداتە ئایین ئاهواش رێگە نادات پیاوانی ئاینی



دەست وەردەنە کاروباری ئاینی، بۆ ئەوەی هیچ ئاینێك دەولّەت نەخاتە خزمەتی ئایدۆلۆجیای ئاینی خۆیەوە لە دژی ئاینەکانی تر چوونکە دەبێتە مایەی سەرهەلّدانی توندوتیژی نێوان ئاینو مەزهەب. بێ لایەنیش لە پەروەردەو خوێندن بۆ ئەوەیە کە قوتابخانە ئەو شوێنەیە کە هەموو ئاینو مەزهەبو تیرەو گروپو نەتەوەکان لەپێناوی بەدەستهێنانی زانست ئاوێتەی سیستمی خوێندن دەبن، چوونکە ناکرێت ئاینێك یا مەزهەبێك بەرنامەکەی خۆی بکاتە میتۆدی خوێندن، گەر عیراق وەك نموونە وەربگرین هەزاران قوتابخانەو خوێندنگەی تێدایە، خوێندکارەکانی بریتیین لە کوردو تورکمان و عەرەب و سوونەو شیعەو سابیئەو کاکەییو مەسیحی کە ناکرێت بیروباوەڕی یەکێك لەم ئاین ومەزهەب و نەتەوانە بکرێتە میتۆدی خوێندن چوونکە جیاوازی درووست دەکاتو نەتەوەیەك یان ئاینێك دەکاتە بالاّ دەست

بەسەر ئاین‌و نەتەوەکانی تردا، کە پێچەوانەی فەلسەفەی عەلمانیەتەو بریتیە لەدەستەبەرکردنی مافی هاوولاَتیی بوون‌و چەسپاندنی چەمکی یەکسانی بۆ هەموان.



# سەرچاوەکان


١. العلمانية تحت المجهر/ الدكتور عبد الوهاب المسيرى/ الدكتور عزيز العظمة، الطبعة الاولى، دار الفكر دمشق ص١٢.

٢. اول ظهور لمصطلح العلمانية فى الغة العربية/ جريدة الشرق الاوسط العدد(٨٤٩٦) فى ٢٠٠٢/٣/٣. هەروەها ئینتەرنێت سایتی اون لاين ماذا تعرف عن العلمانية.

٣. شبلى العيسمى: العلمانية و الدولة الدينية/ دار الشؤن الثقافة الطبعة الاولى، بغداد ١٩٨٦، ص١٨.

٤. د. مراد وهبة/ مجلة المنار العدد (٤٩) كانون الثانى ١٩٨٩، ص٨٧.

٥. د. التجانى محمد الامين/ مفهوم ((العلمانية)) فى الفكر العربى/ الناشر مركز التنوير المعرفى، سودان الخرطوم، ص٧.

٦. د. شـــامل اياضـــة، الاهـــرام العـــدد/ ٤٢٠٤٠ فـــى ١٢/ يناير/٢٠٠٢.

٧. د. التجـانى محمـد الامـين/ سەرچـاوەی پێـشوو، ل٢٠ و٣٠.

٨. د. شـــاهۆ ســـەعید، کوردســـتانی نـــوێ، تـــەوەری عەقلانیـــەت و عەلمانیـــەت، ژمـاره (٢٧٨٣) یەکـشەممە ٢٠٠٢/٦/١٦ ل٩.

٩. هەڵکـەوت عەبـدوولڵا، کوردسـتانی نـوێ، تـەوەری عەقلانیـەت و عەلمانیـەت ژمـاره (٢٧٨٩) یەکـشەممە ٢٠٠٢/٦/٢٣ ل٩.

١٠. مـەریوان وریـا قـانع هەفتـە نامـەی ئاوێنـە، رۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٨.

١١. مـەریوان وریـا قـانع/ عەلمانیـەت و ئـاین، گۆڤـاری رەهەند ژماره(١٤-١٥) ساڵی ٢٠٠٣ ل١٠٢.

١٢. د. التجانى محمد الامین، سەرچاوەی پێشوو ل(٣٦).

١٣. جریـدة الاهـرام، العـدد(٤٢٠٤٠) ١٢ینـایر ٢٠٠٢ قـضایا واراء.





١٤. حوار التمدن، ئینتەر نێت/ سایتی مازن لطیف علی ٢٠٠٩/١٢/٢٦.

١٥. علمانیة-ویکیبیدیا، الموسوعة الحرة، ٢٠٠٩/١٢/٢٦.

١٦. مـاهر شـریف، ظـاهرة قـدمها فـی لبنـان عـن المراحـل التاریخیة التی مریها نضال الشیوعیون الفلسطینیون.

١٧. سەرچاوەی پێشوو.

١٨. الـدکتور محمـد کامـل ظـاهر، الـصراع بـین التیـارین الدینی و العلمانی فی الفکر العربی الحدیث و المعاصر. دار البیروت للطباعة والنشر بیروت، الطبعی الاولی ١٩٩٤ ص ٣٤.

١٩. لـە کتێبـی الـسیاسه بـین الحـلال والحـرام، دار الـساقی بیروت، ل١٥.

٢٠. عیاض بن عاشـور، الـضمیر والتـشریع، العقلیـة الدینیـة والحقـوق الحدیثـة، المرطـز الثقـافی العربـی، الطبعـی الاولی ١٩٩٨ص٦١.

٢١. مجلة الوقت، مجلة یومیـة الکترونیـة، العـدد (١٢٦٣) فـی ٦/اغسطس ٢٠٠٩.

٢٢. عیاض بن عاشور، سەرچاوەی پێشوو ل٦٠.

٢٣. جاد الكريم الجباعمى، العلمانية فى مشروع القومى الديقراطى، انترنت، موقع ايلاف.

٢٤. سەرچاوەی پێشوو.

٢٥. مصطفى حقى، الحوار المتمدن، العدد(٢١٥٩) فى ٢٠٠٨/١/١٣.

٢٦. العلمانية فى دول الشرق الاوسط، ويكيبيديا، الموسوعة الحرة.

٢٧. سەرچاوەی پێشوو.

٢٨. عادل جندى، شفاف شرق الاوسط العلمانية فى العالم العربى، موقع www.metransparent.com ٢٠٠٩/١٢/٢٦.

٢٩. د. عبدالرزاق عيد، ازمة التنوير الشرعنة النوات الحضارى، مركز الاخاء الحضارى، الطبعة الثانية ٢٠٠٥ص ٢٩٨.

٣٠. د. شاكر النابلسى، ئایا عەلمانیەت ئامرازێکە بۆ وێرانکردنی ئیسلام، گۆڤاری سەردەم، ژمارە (٢٩) تشرینی یەکەم ٢٠٠٣، وەرگێڕانی هەڵکەوت عەبدوولڵا، ل١٩٩.





٣١. ب. کاروان، گۆڤاری حەمرین، ژمارە(١) ساڵی ١٩٩٥، ل١٢٨.

٣٢. مەریوان وریا قانع، عەلمانیەت و ئاین، گۆڤاری رەهەند ژمارە(١٤-١٥) ساڵی ٢٠٠٣، ل ١٠٢.

٣٣. عەلمانیەتڤن مالکوم هیملۆن، لە فارسیەوە رێبین هەردی، گۆڤاری سەردەم ژمارە(٢٩) ٢٠٠٣ ل ١٥٤.

٣٤. عەلمانیەت چییە، عادل ظاهر، لە عەرەبیەوە نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، گۆڤاری سەردەم، ژمارە(٢٩) ٢٠٠٣، ل ١٣٩.

٣٥. عفيف الاخضر، جريدة الرواية ٢٠٠٣، ئینتەرنێت www.fyeesvrf.com .

٣٦. د. مراد وهبە، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤.

٣٧. د. هشام صادق، العلمانية ودروس التاريخ، جريدة الاهرام، العدد(٤٢٠٤٦) فى ١٨/يناير/٢٠٠٢.

٣٨. شبلى العيسمى، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.

٣٩. السيد يسين، جريدة الاهرام القاهرة، العدد(٤١٣٨) فى ٢٣/مارس ٢٠٠٠. هەروەها بڕوانە گۆڤاری بیرو هۆشیاری ژمارە(٣) ٢٠٠٣، ل٥٣، زاهیر شکوور.

٤٠. الدكتور عبدالوهاب المسيرى/ الدكتور عزيز العظمة، العلمانية تحت المجهر، دار الفكر المعاصر، الطبعة الاولى، ص١٥٧.
٤١. ئۆستن كلاين، دنیای سیکۆلاریزم لە ئاین و کۆمەڵگاو فەلسەفەدا، وەرگێڕان و ئامادەکردنی: نەوڕەس ڕەشید، هەولێر ٢٠٠٩، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی دیراسات و پێگەیاندنی حیزبی، چاپخانەی ئاراس، ل٧.
٤٢. عەلمانیەت لە بەردەم هەڕەشەو نیرۆتیکیەکانی فەندە مێنتالیزمی ئیسلامیدا، دیالۆگێك لە گەڵ جۆرج تەرابیشی، وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە، بڕوانە عەلادیین، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە ١٨-١٩، ساڵی ٢٠٠٦، ل ٣٢٩-٣٣٠.
٤٣. محمد البهادلی، الفلسفة الانسانية العامانية، ئینتەرنێت سایتی alshahed.free-furums.org.
٤٤. ب. كاروان، گۆڤاری حەمرین، ژمارە(١) ساڵی ١٩٩٩، ل١٤٥، ململانێی نێوان ئوسوڵیەت و عەلمانیەت.



٤٥. د. سليم بركات، المجتمع العربي في القرن العشرين، بحث في تغير الاحوال والعلاقات، مركز الدراسات الوحدةالعربية، الطبعة الاولى، بيروت، تموز ٢٠٠٠، ص ٥٠١.
٤٦. التفكير في العلمانية، اعادة بناء المجال السياسي في الفكر العربي، دكتور عبداللطيف، دار الرؤية،ط١،القاهرة ٢٠٠٧، ص٩٦.

## زنجیرەکانی هۆشیاری

| ژ. | ژ. هۆشیاری | بابەت | نووسەر و وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| ٣٤٥ | ١ | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین | ن. ئیسماعیل بێشکچی<br>و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | ٢ | سیستمی سیاسی سویسرا | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ٣ | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ٤ | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | ٥ | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٢ | ٦ | ئایین و ئازادی بیروڕا | ن. عەبدولڕەحمان مونیف<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٥٣ | ٧ | نەتەوە چییە...؟ | ن. ئێرنست ڕینان<br>و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | ٨ | پەرلەمان - سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | ٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شۆرش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ١٠ | ئایین و مۆدێرنە | مستەفا مەلەکیان<br>و. لەعەرەبییەوە یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | ١١ | المدارس السياسية الثلاثاء في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| ٣٦٥ | ١٢ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | ١٣ | مميزات النظام الفدرالي | د. شورش حسن | ٢٠١١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٦٧ | ١٤ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | ١٥ | پەیدابوونی عەلمانیەت | فرید اسسرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ١٦ | ئیسلامو مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا | ن. محمد رەزا شالگونی<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | ١٧ | سیاسەتی رووخساری نەتەوەیی کەرکوك | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ١٨ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق | ن. مایکڵ لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ١٩ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | ٢٠ | بەشداریکردنی سیاسی | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | ٢١ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا | ن. عەبدوڵلا عەنزی<br>و. سەردار عبدالکریم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | ٢٢ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٨٤ | ٢٣ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکانی | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | ٢٤ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | ن: ئاستین کلاین<br>و. کاوسێن بابەکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | ٢٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | ٢٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية | د. حميد عزيز<br>ترجمة: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | ٢٧ | دەوڵەتشاری دێرین | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حسن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٨ | ٢٨ | ئاینو سیاسەت | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٩٩ | ٢٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال | ن. خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤٠٠ | ٣٠ | جیۆپۆلەتیکی کوردستان | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٠١ | ٣١ | دیموکراسیو بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی | د. حەمید حسین کازم<br>و. عادل عەلی | ٢٠١١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤٠٩ | ٣٢ | پـۆلێنكردنی هەڵوێـستەكان پێش پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان | نیاز سەعید عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٣ | ٣٣ | النـضال الدسـتوري للاسـتاذ ابــراهيم احمــد في العــراق الجمهوري | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٤١٤ | ٣٤ | كـــــوردو توركمــــــان ، تێڕوانینێـــــك بـــــۆ میكانیزمـــــــەكانی پێكــەوەژیانی ئاشــتیانەی نێوانیان | یوسف گۆران | ٢٠١١ |

## له بڵاوكراوەكانی

## ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران

## ساڵی (٢٠١٠ - ٢٠١١)

| ز | بڵاوكراوەكان | نوسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| ٣٢٥ | حول الفدرالية ـ النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| ٣٢٦ | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| ٣٢٧ | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح بروارى | ٢٠١٠ |
| ٣٢٨ | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| ٣٢٩ | ٢٠١٠ ساڵی كۆنگرەی رووبەڕووبوونەوە | حاكم قادر حمەجان عزيز | ٢٠١٠ |
| ٣٣٠ | پرۆژەی مەكتەبی بیروهۆشیاری بۆداڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١٠ |
| ٣٣١ | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. كوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٣٢ | مێژووی فەلسەفە | و. لەسویدییەوە: عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١٠ |
| ٣٣٣ | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندي | ٢٠١٠ |
| ٣٣٤ | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| ٣٣٥ | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| ٣٣٦ | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| ٣٣٧ | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| ٣٣٨ | ئایین و دەسەڵات | هاشم كەریمی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٩ | فیمینیزم | رەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٠ | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤١ | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٤٢ | زنجیرەیەك گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، کوردو میدیای عەرەبی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٣ | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات<br>ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| ٣٤٤ | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٥ | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (١) | ئیسماعیل بێشکچی<br>و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | سیستمی سیاسی سویسرا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٢) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٣) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٨ | گۆڤاری کەلتور ژمارە (١) | | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٤٩ | ڕۆژنامەی کوردی گۆڤاری هەولێر ساڵی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢) | ئامادەکردنی:<br>د. هیمدادی حوسێن | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٤) | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن ، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٢ | ئایین و ئازادی بیروڕا<br>زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٦) | ن: عەبدولڕەحمان مونیف<br>و: عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |
| ٣٥٣ | نەتەوە چییە...؟<br>زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٧) | ن. ئێرنست ڕینان<br>و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٤ | خانقين .. حكايات اعوام الرماد | يوسف يوسف | ٢٠١٠ |
| ٣٥٥ | بەعسیزم و سەرکوتکردنی ژیان | رامیار مەحمود | ٢٠١٠ |
| ٣٥٦ | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | ٢٠١٠ |
| ٣٥٧ | سپینۆزا | ن. هاشم صالح<br>و. ئارام ئەمین شوانی | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٥٨ | پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شورش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ئاین و مۆدێرنە زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١٠ | مستەفا مەلەکیان و. لەعەرەوبییەوە: یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | المدارس السياسية الثلاث في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١١ | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| ٣٦٢ | گۆڤاری کەلتوور ژمارە (٢) | | ٢٠١٠ |
| ٣٦٣ | نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی: ساڵح رەحمان | ٢٠١٠ |
| ٣٦٤ | الموسوعة الكرد الصغرى | كنياز ابراهيم ميرزويف ت. عن الروسيه: احمد حيدر علي | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٦٥ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، (١٢) | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | مميزات النظام الفدرالي في العراق (ژ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئیسلامو مۆدێرنە ، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا (ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونی و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (١٨٠٥٠-١٩١٤) | هەستیار کەمال کوردی | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم: عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | كورتە باسێكی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر و. لەئینگلیزیەوە: كارزان كاوسێن | ٢٠١١ |
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی كوردستانی عیراق | ئامادەكردنی : نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن و. لەئەڵمانیەوە: د. كوردۆ عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | تاريخ الفكر الكردي | مامۆستا جعفر ترجمة: د. بندر علي | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | رۆژنامەنووسی كوردی لە كوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ك)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی كەركوك - ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەكوردستانی عیراق ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایكڵ لیزنبێرگ و. كارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمكەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریكردنی سیاسی ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵڵا عەنزی و. سەردار عبدالكريم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | كوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەكان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٥ | چرای ماڵە هەژارەكان | ئامادەكردنی: عەلی جۆلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٦ | كەلتور — ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٨٧ | سیكۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین كلاین<br>و. لەفارسیەوە:<br>كاوسێن بابەكر | |
| ٣٨٨ | كوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٩ | دراسة تاريخية وسياسية حول "الشعب الكردي" | تاليف: حسن ارفع<br>ترجمة:عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٩٠ | كورتەیەك لەتاوانەكانی رژێمی عیراق دژی گەلی كورد | ن: نوری تاڵەبانی<br>و. شاناز رەمزی | ٢٠١١ |
| ٣٩١ | گەشەكردنی سەرمایەداری لەكوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٩٢ | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێكردندا | و. مظفر عبدالوهاب | ٢٠١١ |
| ٣٩٣ | كورد گەلێكی بێ دەوڵەت<br>زنجیرە نامیلكەی كورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(١) | ن. ئینگۆنۆیمایەر<br>و. رێبوار تۆفیق | ٢٠١١ |
| ٣٩٤ | لەدیكتاتۆریەوە بۆ دیموكراسی | ن. د. جین شارپ<br>و. كارزان محمد | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٩٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەكوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٥) | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٦) | د. حميد عزيز<br>ت: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | دەوڵەتشاری دێرین<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٧) | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١١ |
| ٣٩٨ | ئاینو سیاسەت<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٨) | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٩٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(٢٩) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٤٠٠ | جیۆپۆلەتیكی كوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (٣٠) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٠١ | دیموكراسیو بنەماكانی گەشەپێدانی سیاسی | د. حەمید حسین كازم<br>و. عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٢ | ثورة كوردستان ومتغيرات العصر (الطبعة الثالثة) | حكمت محمد كريم<br>(ملا بختيار)<br>ترجمة ومراجعة:<br>د. بندر علي اكبر | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٠٣ | ئەركەكانی خەبات لەهەلومەرجێكی دژواردا | مام جەلال | ٢٠١١ |
| ٤٠٤ | كێشەی شیعەو سوننە كورتەباسێكی مێژوویی | ن. د. عەلی ئەلوەردی و. عارف كەریم | ٢٠١١ |
| ٤٠٥ | فەلسەفەی سیاسی ئەریستۆتێلیس | ئەمیر حسێن رەحیم | ٢٠١١ |
| ٤٠٦ | جیهانگیریو كاریگەری لەسەر سەروەری دەوڵەت | ن. عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١١ |
| ٤٠٧ | بەشداری سیاسی، چەمكو گرفتەكان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٨ | (S.I) رێكخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال | محەمەد مێرگە سۆری | ٢٠١١ |
| ٤٠٩ | پۆلێن كردنی هەڵوێستەكان پێش پرۆسەی هەڵبژاردنو دەنگدان | نیاز سەعید عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٠ | بەهاری عەرەبی و نەورۆزی سەربەخۆیی | ستران عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٤١١ | قوتابخانەی فرانكفۆرت | و. عوسمان حەمەرەشید گورون | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١٢ | حدود كوردستان الجنوبية في سنجار حتى بدرة | عبدالرقيب يوسف | ٢٠١١ |
| ٤١٣ | النضال الدستوري للاستاذ ابراهيم احمد في العراق الجمهوري | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٤١٤ | كوردو توركمان، تێڕوانینێك بۆ میكانیزمەكانی پێكەوەژیانی ئاشتیانەی نێوانیان | یوسف گۆران | ٢٠١١ |